کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# خوێندنی ژن



نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

له نێو خۆیاندا باسیان لەوە دەکرد کە چەندین جار چوونەتەلای‌و قسەیان لەگەڵ کردووە بەڵام هەرجارێ کە چوونەتە لای، زۆر خەفەتی بە هاوڕێکانییەوە دەخوارد، چونکە ئەوان بە ئازادی درێژە بە خوێندنەکەیان دەدەن‌و کەس ڕێگریان نییە خوێندن تەواو بکەن، ئەو لە چاوەکانی ڕا دیار بوو ترسێکی زۆری لە ڕووخساری نیشتبوو، لەوە دەترسان کە باوکی یان براکەی لەو کاتەدا بێنەوەو هاوڕێکانی لەوێ بن‌و درێژە بە قسەو باس بدەن، هەربۆیەشە بە کورتی دەیبڕاندنەوەو چاوێکیشی هەر لە دەرگا بوو، دووعای دەکرد کە جارێ کەسیان نەیەنەوە تا هاوڵەکانی بەڕێدەکات. ئەولەوەدەترسا کە براکەی بێتەوە لەبەردەم هاوڕێیەکانی بیشکێنێت. هاوپۆلەکانیشی پاش یانزدە خولەك ئەویان جێدەهێشت. ئەو وتانە هی هاوپۆلێکی ئەو کچە خوێندکارە بووە کە لە پەیمانگا دەیخوێند، دوای نیوەی ساڵ باوكو دایكو براکەی ئیدی چوونە پەیمانگایان لێ قەدەغە کرد، تەنها لەبەرئەوەی نەوەك کوڕێکی خۆش بوێ‌و جارجارە بەیەکەوە دابنیشن یان سەیرانێکی بەکۆمەڵ بکەن، کە گوێم لەو قسانە بوو هەرچۆنێك بوو بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکرد، هەرچەندە هەوڵم لەگەڵدا کە باسی ئەوەم بۆ بکات بۆچی لەم کۆتایی ساڵە وازی لە خوێندن هێنا.

بە ترسەوە قسەی دەکردو لە ناخی دڵییەوە لە کێشەکە نەدەدوا، بەڵام لە قسەکانییەوە دیاربوو تەنها هۆکاری وازهێنانی لە خوێندن، پەیوەندی خۆشەویستی بووە لەگەڵ کوڕێکی خوێندکاردا، جارێك براکەی لەبەردەم پەیمانگا بینیونی.. بە بیانووی ئەوەی ئەو بەشەی لێ‌ی دەخوێنێ بۆ کچ ناشێ‌و هۆکارە بۆ کرانەوەی کچان بەڕووی کوڕان‌و کۆمەڵگا، بەکورتی دەیویست بڵێ ماڵەوە چیتر نەیانهێشت لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا خواستەکانی خۆی بهێنێتەدی‌و درێژە بە ژیان‌و ئاواتەکانی بدات. دوای ئەوەی ڕێژەی غیاباتی گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە فەسڵ بکرێت، مامۆستا پەیوەندی بە باوكو دایکییەوە کردو داوای لێکردن کە ئەمساڵی خوێندن تەنها دوو مانگی ماوەو ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە، بەڵام دواقسەی ئەوان تەنها ئەوە بوو کە خۆی حەزی لێنییە بخوێنێت‌و بەشەکەی بەدڵ نییە هەربۆیەشە نایەتەوە. بەڵام ئەم قسانە زۆر بە

پێچەوانەی بیروبۆچوونی ڕاستەقینەی ئەوەوە بوو، چونکە خوێندکارە هاوپۆلەکانی دەڵێن کە زۆر حەزی لەبەشەکەی بووەو دڵی زۆر پێخۆش بووە، بەڵام دایكو باوکی کە دەرچووی زانکۆن، خواستی ئەویان خستەژێر پێیان‌و نەیانهێشت تێر بۆنی گوڵەکانی ئەم بەهارە بکات‌و لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا گوڵەکانی رۆژنامەوانی بچننەوە.

-ناڵین: گۆشەیەکی رۆژنامەنوسی چیرۆك ئامێزە بۆ هەفتەنامەی ژیانەوە دەنوسرێ